لە گۆڕکی ئەم.. نەوزاد بەندی

لە هەموو کاتانکا نماندا، بەردەوام کەترێک هەیە گەمەی لە وون بووە و درەخت درەخت بەی ئاگۆڕە، نایدزێتەوە تاکو ئەبێتە قوربانی بەردی دارلاستیکە..یان داوی کەتر بازە .. بەردەوام دایکە هەیە بە دوای ووشکەساڵیی چاوکانیا ئاگۆڕە، نایدزێتەوە تا دوا جار لەگۆڕە تاوە فرمێسکە، ئەوا و ماڵ بە جەدەڕە ..لەم گۆڕکە بەردەوام شاعیرە بەدوای تابلۆیەکی پایزیدا ئاگۆڕە، تەنکەی خۆکان گاڵتەی پێ ئەکەن، نیشتمانفرۆشکان زمانی لە دڕدۆنن، نەخوێندەوارکان زینەدانکانی لە پێ ئەکەن، براکانی کارامازۆف چواردەوری ئەتەنن، ووتی ئەکەنەوە، هەموو وشە و تابلۆکانی پێ دائەکەنن ..

ئەم نیشتمانە پارچە ئەسقانکی هەزار جار فڕێنراوە و .. هەزار دەمی سەگ گەڵاوە و.. هەزار کەبەی گورگی تاقی کردەتەوە .. بەردەوام بەچووە پشیلەیەکی تیا کوژراوە ..بەردەوام خاخاکەیەکی تیا بووە بە پوش ..ئەم بازاڕی خیانەتە بەردەوام خوێنی تیا هەرزان بووە و نانی تەدا گران.. هەمیشە درەختی تەدا ێیسوا بووە و سەبەری تەدا گران .. بە ئەبەد بای وشتی تەدا یاساغ بووە و نوژیشی تەدا کراوە بە باران ..لەم کاتانە نسرەدا، بەردەوام مردن هەڵشەی لە نان و چا کردووە و هەمیشە بار و دۆخ ناسک بووە .. هەڵ و مەرجەکانی هەرسهێنان بەردەوام ئامادە بوون.. ئەم کاتانە هەمیشە وەک سەزانیەک، سەرکردەکان سواری بوون و هیچی تر ..چەکدار و تەکنەکرات ..کەمانیست و ئیسلامیی و دیموکرات، کاریان تەنها لاقە کردن بووە.. لاقە دوای لاقە، ئەوانەی تەسقاڵە شەرڤیان هەبووبە، ڕایان کردووە، بە جێیان هەشتووە، لەسەر دیوار و دەرگا و دەلاقە ..ئەم کاتانە بەردەوام یان خەو بووە یان قوە .. هی ئەوێیە یەک ڕۆژ تیایدا بژیت، چونکە هەموو شتەکی دووبارەیە، لەگۆڕ گۆڕستانا لێت ئاگۆڕن، شاخی جەردەکان و کەلی مردووەکان ..

بەردەوام چەلەکەیەک نازانە بە کوە بفرێ ..درەختە نازانە سەبەر بە کە بکا .. گریان و پەکانین ئەوەندە تەکەکراون، ئەستا پەکەوە گەشت ئەکەن و یەک ژوور پەکەوە ئاگرن ..

لەم کاتانەدا بەردەوام منداڵەک ئاگری و دایکەک ئەمرە و باوکەک بەدوای ژنەکی جوانترا ئاگۆڕە .. بەردەوام بازرگانەک کارکوک ئەفرۆشە و هەوڵەک فەتەکەپی دوبەی ئەکڕە و.. درەزنە بە بارستایی دەنگدانە، درەی شاخدار دابەش ئەکا بە خەڵایی و نەخوێندەوارە میز ئەکا بە هەموو مزگەوت و کتێبخانەکا ..بەردەوام

ژیان گیان ئەدا و مردن لە دایک ئەبێ .بەردەوام ئیزە ئاودەستخانەی مزگەوتەکان پێن لە پیاوی تەنگاو ..بەردەوام کەسانە خەمگینەکان، پێن لە ماڵی بێ ئاو .لێرە بەردەوام گرانیی جگەرە ئەکێشێ و خەڵ بە شەرمەوە هەڵدێ، سەرکخەکان خاوەنی سەد هەزار ملیار دۆلارن و هەشتایش وەختێ لە برسا ئەمرن..بازرگاناوایە ئێرە، بازرگانگەلێکی سواکەر.. لێرە بەردەوام ناشیرینیی خەڵات وەرئەگرێ و .. شیعر تەنەکە و تەپڵی حەیاچوونی بێ لەدەرێ ..ئێرە تفیشی تەدا بکەی زەرەرتە، وەک خەوکی ترسناک، تا زوو خەبەرت بێتەوە، بەختەوەر تریت.

نەوزاد بەندی